# اثر استراتيجيه شجره المشكلات على تحصيل طالبات الصف الخامس الاعدادي في ماده قواعد اللغه الكرديه واتجاهن نحو الماده

**استبرق علي حسن الحريشاوي**
istabraq.ali2306m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**أ.د. مهاباد عبد الكريم احمد**
mustafa.radif@qu.edu.iq
**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد**

**الملخص**

يهدف البحث الى معرفه اثر الاستراتيجيه شجره المشكلات في تحصيل قواعد اللغه الكرديه لدى طالبات الصف الخامس الاعدادي وقد تم اختيارهن وتقسيمهن الى مجموعتين الاولى المجموعه التجريبية ودرست الدروس بحسب استرتيجية شجرة المشكلات أما الطريقة التقليديه كان لديهم موقفا اكثر سلبيه تجاه القواعد لأنهم درسوا حسب الطريقة المعتاد عليها في التدريس الاعتيادي حيث اظهرت النتائج ان الستراتيجيه شجره المشكلات تسهم بفاعليه اكثرفي تحسين الفهم والتحصيل الدراسي وتنميه المواقف التقليديه تجاه الماده حيث اشارت النتائج الى تفوق المجموعه التجريبيه على المجموعه الضابطه في اختبار التحصيل وامتلاكها موقفا اكثر ايجابيا.

**الكلمات المفتاحية: شجرة المشكلات، التحصيل الدراسي، قواعد اللغة الكردية، التوجيه نحو الموضوع، الصف الخامس الإعدادي، استراتيجيات التدريس.**

## The effect of the problem tree strategy on fifth-grade female students' achievement in Kurdish grammar and their attitudes toward the subject.

**Supervised by**
**Prof. Dr. Mahabad Abdul Kareem Ahmed**
**The researcher**
**Istabraq Ali Hassan Al-Hreshawi**
**University of Baghdad/ College of Education Ibn Rushd kurdish Language**

**Abstract**

This study aims to investigate the effect of the Problem Tree Strategy on the achievement of Kurdish grammar among fifth-grade preparatory female students, as well as its impact on their attitudes toward the subject. The researcher adopted a quasi-experimental method, selecting a sample of students divided into two groups: an experimental group taught using the Problem Tree Strategy, and a control group taught using the traditional method. The results showed that the experimental group outperformed the control group in the achievement test and demonstrated a more positive attitude toward grammar. The study concludes that the Problem Tree Strategy effectively enhances academic understanding, achievement, and fosters a positive attitude toward the subject.

**Keywords: Problem Tree, academic achievement, Kurdish grammar, attitude toward the subject, fifth preparatory grade, teaching strategies.**

**کاریگەریی ستراتیژییەتی داری کێشەکان لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و ئاراستەکردنیان بۆ بابەتەکە**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.د مەهاباد عبدولکەریم ئەحمەد**

**ماستەر نامەیەکە**

**ئیستەبرەق عەلی حەسەن**

**زانکۆی بەغداد**

**کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**بەشی زمانی کوردی**

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بنکۆڵ و زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی درەختی کێشەکانە لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابییانی پۆلیی پێنجەمی ئامادەیی، سەرباری زانینی ئاستی کاریگەریی ئەو ستراتیژییەتە لە ئاڕاستەکردنی ئاڕأستەکانی قوتابییان بەرەو بابەتەکە.

توێژەر ڕێبازی نیمچە ئەزموونیی بەکارهێناو نموونەی توێژینەوەکەیشی هەڵبژاردو بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەشی کردن:
کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ڕێگەی ستراتیژییەتی درەختی کێشەکان وانەکانیان خوێندو کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان وانەیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێند. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونییان لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت دەرخست، هەروەها قوتابییانی ئەم کۆمەڵەیە ئاڕاستەیەکی ئەرێنیتریان بەرەو بابەتی ڕێزمان هەبوو. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەوەیان دەرخست کە ستراتیژییەتی درەختی کێشەکان بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر بەشداری لە باشتر تێگەیشتن و دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی ئاڕاستەی ئەرێنی بەرەو بابەتەکە دەکات.

**کلیلە وشەکان: درەختی کێشەکان، دەستکەوتی خوێندن، ڕێزمانی کوردی، ئاڕاستە بەرەو بابەت، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، ستراتیژییەکانی فێرکردن.**

**یەکەم- کێشەی توێژینەوەکە :**

کێشەی لاوازیی قوتابیانی کچ لە ڕێزمانی کوردی، زادە و دەرهاویشتەی سەردەمی ئەمڕۆمان نییە، بەڵکو بە ئاڵۆزترین گرفت و کێشە دادەنرێت کە ڕووبەڕووی قوتابیان دەبێتەوە، چونکە ئەو لاوازییە بە هۆی گرانیی بابەتە زانستییەکان لە لایەك و بەکارنەهێنانی شێواز و ڕێگەی وانە وتنەوەی نوێ لەلایەکی دیکەوە، وایکردووە ڕەنگدانەوەی لەسەر واقیعی زانستی و پەروەردەییش هەبێت، زێدەباری لاوازیی پەیوەندیگرتنی لە نێوان قوتابی و مامۆستا، بە جۆرێك ئەم دیاردەیە خەریکە لای مامۆستایانی زمانی کوردی لە قۆناغی ئامادەیی و بە تایبەتیش پۆلی پێنجەمی ئام ادەیی کە پەنا بۆ ڕێگە ئاساییەکانی وانەوتنەوە دەبەن، بووەتە مایەی لاوازی و کورتهێنانی ڕۆڵی قوتابیانی کچ و بەشدارییان لە کارامەییەکانی پەیوەندیکردنی زمانەوانی، بەڵکو هەتا کاریگەریی لەسەر لاوازیی قوتابیش هەیە لە تێگەیشتنی زانیارییەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و جێبەجێکردنی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی مامۆستا.

وا دەبینین کە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی لە قوتابخانە ئامادەییەکان ، تا ئێستاش دیل و دەستەمۆی دەست ڕێگە کۆنەکانی وانەوتنەوەن، کە جەخت لەسەر لایەنە شێوەیی و تیۆرییەکان و ئەزبەرکردن و دووبارەکردنەوەی خودکارییانە دەکەنەوە.

توێژەر لە میانی ئەزموونی مەیدانی لە وانەوتنەوە هەستی بەم کێشەیە کرد، کاتێك بە ئاشکرا دابەزینی ئاست و لاوازبوونی توانای قوتابیانی کچی لە ئەزبەرکردنی دەستوور و تێگەیشتن و پەیرەو و پیادەکردنیان بە هۆی ئاڵۆزیی زمانەوانی و ڕۆشنبیرییەوە بینی، هەروەها لە میانی ئەنجامی هەندێك لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کە جەخت لەسەر لاوازیی ئاستی بەدەستهێنانی زانست و فێربوونی ڕێزمانی کوردی لای قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی دەکەنەوە، وەکو لێکۆڵینەوەی (مولی، ٢٠٢٣) و لێکۆڵینەوەی (مەندەلاوی ، ٢٠٢٤) و

لێکۆڵینەوەی (ئەلعەنزی). ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئەوەی دەرخست کە هۆی لاوازیی قوتابیانی کچ لە ڕێزمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازەکان و ڕێگەکانی وانەوتنەوە و شکستهێنیانیان لە هێنانەدیی ئامانجی فێرکاری، بۆیە وا لەسەرمان پێویستی کرد بایەخ بە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە نوێیەکان بدەین، کە یارمەتیی فێربوون و بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان دەدەن. توێژەر پێیوایە کە بەشێکی زۆری کێشەی توێژینەوەکەی دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگەی وانەوتنەوانەی کە لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی گیراونەتەبەر و بەکاردهێنرێن، کە بە زۆری کاریگەریی نەرێنی و ئاشکرایان لەسەر قوتابییانی کچ هەیە لە تێگەیشتن و وەرگرتنی چەمکە ڕێزمانییەکان و نکۆڵیش لەوە ناکرێت.

بۆیە پێویستیی توێژینەوە دەربارەی شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە زیاتر دەرکەوتن و سەریانهەڵدا، کە دەکرێ لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجەکانی وتنەوەی زمانی کوردی و بە تایبەتیش ڕێزمانی کوردی بەکاربهێنرێن.

لە سۆنگەی ئەوەی پێشکەش کرا، توێژەر پێیوایە کە زۆر پێویستە ڕێگە و شێوازەکانی وانەوتنەوەی نوێ لە وتنەوەی وانەکاندا بەکاربهێنرێت، چونکە یارمەتیی قوتابییان دەدەن لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت و کارامەییەکانیان و توانا هزرییەکانیان و ورووژاندنی بایەخ و گرنگیدانیان بە بابەتەکە و یارمەتیدانیان لە پەیبردن و تێگەیشتنی زیاتریان، لەو ستراتیژییەتانەش، **ستراتیژییەتی درەختی کێشەکانە**، بۆیە دەکرێ کێشەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوەدا دابڕێژرێتەوە:

**ئایا ستراتیژییەتی درەختی کێشەکان کاریگەرییان لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و ئاڕاستەکانیان بەرانبەر بابەتەکە هەیە؟**

**دووەم- گرنگیی توێژینەوە:**

لەم ساڵانەی دواییدا جیهان پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە پەرەسەندنی زانین و زانستە پەیوەندیدارەکان بە مرۆڤ و لە بوارە جیاوازەکاندا بەخۆوەبینیوە، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر زۆرینەی ئەو کۆمەڵگایانە هەبووە کە کۆشش و تەقەللا بەرە و ئاوەدانی و پێشکەوتن دەکەن، بە جۆرێك پاڵی پێوەناون تاوەکو گۆڕانکاریی ڕیشەیی و بەڵگەدار بخەنە ناو سیاسەت و ئابووری و نەخشەکارییەکانیان و بەرنامەو ڕێگەکانی پەروەردە و فێرکردنیان و ڕێکردن و هاوشانبوونی ئەم پێشکەوتنە خێرایە ڕێ بکەن و بەجێنەمێنن. لە سۆنگەی ئەوەی پەروەردە ئامرازی دەستی کۆمەڵگە و ئەو ئاوێنە باڵانومایەیە کە ڕەنگدانەوەی وێنەکەیەتی، بۆیە هەر دەبێ هاوشانی ئەم پەرەسەندن و تەقینەوەی زانینە ڕێبکات و هەنگاوبنێت،، بەمەش بووە بە هۆکارە گرنگ و کاریگەرییەکان لە هێنانەدیی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و یەکڕیزیی چوارچێوەی هزری و ڕۆشنبیری، بەم تێگەیشتن و چەمکەش بەشداری لە بونیادنانی یەکێتی هزری گونجاو و ڕێکوپێك

دەكات و شێوازە زانستی و تەكنیكییە پەرەسەندووەكانی دەكات. (عراك، وآخرون، ٢٠١٨ الصفحات ٤٥٢-٤٥٣)

پەروەردە ڕۆڵێكی گرنگ و كاراو كاریگەر لە پێشكەوتنی نەتەوەكان و گەلان دەگێڕێت، لە سۆنگەی ئەوەی یارمەتیی بونیادنان و پێكهێنانی مرۆڤ دەدات، بە شێوەیەكی تەواو لە سەرجەم لایەنە جەستەیی و عەقڵی و ویژدانی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و كارامەییەكانەوە، بە ئامانجی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی نوێ، چونكە وڵاتان دەستیان بە پێشبڕكێ كردووە بۆ گەیشتن بە چارەسەرە ڕیشەییەكانی ئەو گرفت و پاساوانەی ڕووبەڕووی بواری پەروەردە و فێركردن دەبنەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان لەو بەرپرسیارێتییەی كەوتۆتە ئەستۆیان بگێڕن و ببنە هێزێكیی كاراو كاریگەر لە پرۆسەی گۆڕان و نوێسازی بۆ بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی ئازاد و سەربەخۆ (البياتي، ٢٠١٦ صفحة ٢٥)

توێژەریش پێیوایە كە پەروەردە ڕۆڵێكی گرنگ لە پەرەپێدانی تاك و كۆمەڵگەدا دەگێڕێت و كاریگەریی زۆری لەسەر گەشەپێدانی هەموو لایەنە دەروونی و جەستەیی و ڕۆحییەكانی ژیانی تاك هەیە، بە تایبەتیش لە پاراستنی كەلتووری ڕۆشنبیریی كۆمەڵگە و ناسنامەی تاك و ئەو كەسایەتییەی كە بە درێژایی مێژووی بونیادنراوە و دروست بووە.

پەروەردەش توانای هێنانەدیی ئامانجەكانی لە كۆمەڵگەدا نییە، تەنها لە ڕێگەی پەیوەندیكردنەوە نەبێت، كە ئەویش زمانە، چونكە زمان ئەو ئامرازە سەرەكییەیە كە مرۆڤ هەر لە دێرزەمانەوە لە پرۆسەی لەیەكتری تێگەیشتن لەگەڵ ئەوانەی دیكەدا. (زاير، وآخرون، ٢٠١٥ صفحة ٢٠)

زمان ئەركێكی مەزنی لە ژیانی تاكدا هەیە، چونكە ئامرازی دەربڕینی ئەو خەم و خولیا و خواست و ئەندێشانەیە كە لە ناخی دەروون و هەست و هزریدا لە جۆش و خرۆشدان، هەروەها ئامرازی پەیوەندیكردنە بە كەسانی دیكەوە، هەر بەم پەیوەندیكردنەش ئەو خواست و مەبەست و پێداویستییانەی دەهێنێتەدی و دەرفەتی گەورەیان لەبەردەمدا دەڕەخسێنێت، بۆ سوودوەرگرتن لەو كاتانەی كە دەستی بەتاڵە، ئەوەش بە شێوەیەكی بنەڕەتی لە ڕێگەی خوێندنەوەوە دێتەدی، كە وای لێ دەكەن وەكو ئاسۆگەیەك لەوێوە لە جیهانی دەوروبەری خۆی بڕوانێت و زانین و زانیاری و بەرهەمە هزرییەكانی زیاتر بهێنێتە ئاراوە. (عبد الباري، ٢٠٠٩ صفحة ٢)

**چوارەم- گریمانەكانی توێژینەوەكە:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەكە توێژەر دوو گریمانەی سفری داناوە و بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی كۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی وانەی ڕێزمانی كوردییان بە بەكارهێنانی ستراتیژییەتی درەختی

کێشەکان خوێند و ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگەی ئاسایی خوێند لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی.

٢.نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی درەختی کێشەکان خوێند و ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگەی ئاسایی خوێند بە پێوەری ئاڕاستەی بەرەو بابەتەکە.

**پێنجەم- سنووری توێژینەوەکە:**

١.**سنووری مرۆیی:** کچە قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی/ لقی زانستی لە قوتابخانەکانی ئامادەیی دواناوەندی حکومییەکانی بەیانییان لە پارێزگای بەغدا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

٢.**سنووری شوێنی:** قوتابخانەکانی ئامادەیی و دواناوەندییە حکومییەکانی بەیانیان کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕەسافەی یەکەم.

٣.**سنووری زانستی:** بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی ئەوانەی بڕیاردراون لە کتێبی (خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی) بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چاپی چوارەمی ساڵی ٢٠٢٤ و بابەتەکانیش بریتی بوون لە: (جێناوی سەربەخۆ، جێناوی لکاو، ناو لە ڕووی ژمارەوە، ناو لە ڕووی پێناسەوە، ئامرازەکانی پرسیار، کاری ڕابردوو، کاری ڕانەبردوو ، کاری داخوازی).

٤.**سنووری کات:** وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥).

**شەشەم- دیاریکردنی زاراوەکان:**

**یەکەم- کاریگەریی:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەر یەکە لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەی کاریگەریان کردووە:

١.**شحاتە و النجار:**"بەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە خوازراو، یان نەخوازراوانەیە کە لە ئەنجامی پرۆسەی فێرکردن لە قوتابیدا دێنە ئاراوە ".. (شحاته، وآخرون، ٢٠٠٣ صفحة ٢٢)

**دووەم- ستراتیژییەت:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەی ستراتیژییەتیان کردووە:

**عزیز:** "بریتییە لە ڕێکارییەکی دیاریکراوی وتنەوەی بابەتێك یان وانەیەکی تەواو". (عزيز، ٢٠٠٩ صفحة ٧٩)

**پێناسەی ڕێکاریی بۆ ستراتیژییەت:**

بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکاری و چالاکی و شێواز و هەنگاوێکی ڕێکخراوی یەك لە دوای یەك، کە توێژەر لە ناو پۆل بە مەبەستی بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام، جێبەجێی کردووە و ئەنجامی داوە.

**سێیەم- درەختی کێشەکان:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەر یەکە لەمانە خوارەوە بە جۆرێك پێناسەیان کردووە:

**زند:** "ئامادەکردنی کۆمەڵە شێوەیەکە لە وێنەی درەخت و ئەو کێشانە دەردەخات کە لەسەر قوتابی پێویستە چارەسەریان بکات، یان پرسیاریان لەبارەوە بکات و شرۆڤەیان بکات، لەم ستراتیژییەدا دەرفەتی شیکردنەوە و دەستنیشان کردنی کێشەکان بۆ قوتابیان دەڕەخسێت ، بە مەبەستی دەستنیشان کردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان". (زند ، ٢٠٠٤ صفحة ٢٣٦)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژییەتی درەختی کێشەکان:**

بریتییە لەو ستراتیژییەتەی کە توێژەر لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی پێنجەمی زانستی (کۆمەڵەی ئەزموونی) بەکاریهێناوە، بە مەبەستی یارمەتیدانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندنیان و فێربوون و بەدەستهێنانی زانیارییەکان و کارامەییەکان بۆ گەیشتن بە بەستنەوە و گرێدانی بابەتەکانی خوێندن و تەواوی ئەو کێشانەی هەیانە.

**چوارەم:دەستکەوت:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیان کردووە:

**التميمي واخرون:** "بریتییە لە کۆمەڵە زانین و کارامەییەکی بەدەستهێنراو، کە لە میانی بابەتەکانی خوێندنەوە پەرەیان پێدراوە و بە زۆریش نمرەکانی تاقیکردنەوە، یان ئەو نمرانەی کە مامۆستایان تەرخانی دەکەن و قوتابیان بەدەستیان دەهێنن، یاخود هەردووکیان پێکەوە دەبنە بەڵگەی ئاستی قوتابییەکە". (التميمي، ٢٠١٨ صفحة ٣٢)

**پێناسەی ڕێکاریی بۆ دەستکەوت:**

"بریتییە لەو بڕە زانین و زانیاری و کارامەییانەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە قوتابییانی پۆلی پێنجەمی زانستی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی فێری بوون و بەو نمرانەش پێوانە دەکرێن کە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەدەستیان هێناوە، کە توێژەر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە.

**پێنجەم- بابەتی ڕێزمانی کوردی:**

ئەو بابەتە ڕێزمانییانەن کە لە ناو پەرتووکی (خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی )ی بڕیاردراو بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییەکانی عێراقدا هەن.

**شەشەم- ئاراستە:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیان کردووە:

**الصميدعي:** "حاڵەتێکی ئامادەباشیی و خۆسازدانی تا ڕادەیەك جێگیرە، سەبارەت بە پرسێك یان بابەتێك کە وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بریتییە لە ڕێکخستنی هەستەکانی تاك و زانین و ڕەفتارەکانی و خۆی لە نمرەکانی پەسەندکردن " یان ڕەتکردنەوەدا دەبینێتەوە". (اللقاني، ٢٠٠٣ صفحة ١٦)

**یەکەم– تیۆری بونیادگەرایی:**

**ڕەگوڕیشەی مێژوویی تیۆری بونیادگەرایی**

ڕەگوڕیشەی مێژوویی بونیادگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان، ژمارەیەك لە توێژەران دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی سوقرات، توێژینەوەکانی پیاژێ سەبارەت بە گەشەی زانین و پەرەسەندنی بە بناغەی فەلسەفەیەکی توندوتۆڵی تیۆری بونیادگەرایی دادەنرێت، بەڵام ڕاستییەکەی لە بەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی پیاژێ و ئۆزبل و کیلی و هاوشێوەکانیان گەڵاڵە بووە، تیۆری پیاژێ سەبارەت بە گەشەسەندنی زانین دەکەوێتە دوو لاوە و بریتین لە لۆژیکی و بونیادگەرایی. (العفيف، ٢٠١٣، صفحة ٤٩)

تیۆری بونیادگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە بیردۆز و تیۆرێك کە پشت بە زانین دەبەستن و لە دەرەوەی تاکن و پشتیشیان پێ نابەستێت، بەڵکو بایەخ بە سرووشتی زانین و خەسڵەتی هاوبەشی نێوان تیۆرەکان دەدات، کە باوەڕهێنانە بەوەی زانین لە کەسەکانەوە لە دایك دەبێت و دەکەوێتە ژێر باوەڕ و ڕۆشنبیرییەکانیانەوە، پێچەوانەی تیۆری ڕەفتاری (النجدي، ٢٠٠٥، صفحة ٢٢).

تیۆری بونیادگەرایی بە یەکێك لە تیۆرەکانی فێربوونی هاوچەرخ و ڕێگەکانی و نموونەکانی خوێندن ونەخشەسازی کردنی دادەنرێت، هەروەها تیۆری بونیادگەرایی لەو ستراتیژییەتە هاوچەرخانەیە کە سەرنجی پەروەردەکاران لە پێناو گەڵاڵەبوون و سوودوەرگرتن لێی و بەگەڕخستن و بەکارهێنانی لە ناو پۆلەکانی خوێندن سەرنجیان کەوتەسەری (عايش، ٢٠٠٧، صفحة ٣٦).

**بنچینەی تیۆری بونیادگەرایی:**

ژان پیاژێ (١٨٩٦– ١٩٨٠ ) لە دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرەیە و پێیوایە کە فێربوون لەسەر بنەمای دوو کردار بەدەست دێت، ئەوانیش (ڕێکخستن و خۆگونجاندن)ە، بە جۆرێك ئەو دوو کردارە ڕەفتاری مرۆڤ دیاری دەکەن، کەواتە بونیادگەرایی زانینی قوتابی تەواو و ڕێکخراوە و لە یەکەی زانین و بە شێوازێکی جیاواز بە یەکترییەوە بەستراونەتەوە، کەچی کردار و پرۆسەی خۆگونجاندن بە پرۆسەی فێربوون دادەنرێت (خالد و زياد، ٢٠١٢، صفحة ٢٠٩).

**ڕۆڵی مامۆستا بەپێی تیۆری بونیادگەرایی:**

١.کار لەسەر نەخشەکاریکردنی وانەکە دەکات بە ڕێگەیەك وا لە ناوەڕۆکی فێرکردن بکات وروووژێنەر و هاندەری فێربوون بێت.

٢.ئەو کێشانە هەڵدەبژێرێت کە پێویستییان بە بیرکردنەوەی چالاك و ئەو پێشبینییانە هەیە کە شایانی تاقیکردنەوەن.

٣.دەوڵەمەندکردنی ژینگەی قوتابخانە و پۆلی خوێندن بە وروژێنەرە هەمەڕەنگەکان کە هانی قوتابی دەدەن لەسەر کار و توێژینەوە و گەڕان بە دوای زانین و هێنانەکایەی.

٤.مامۆستا بەپێی دانانی ئامانجەکان بایەخ بە قوتابی دەدات ، بۆ ئەوەی کاریگەریی گەورەی لەسەر بونیادگەرایی مەعریفیدا هەبێت (قطامي، ٢٠١٣، صفحة ٧٧٥).

٥. بەگەڕخستن و قۆستنەوەی ئەزموونەکانی پێشووتری قوتابییانە بۆ هەڵوێستی فێربوونی فێرکاری و بەستنەوەی بە زانینی نوێ بۆ یارمەتیدانی بونیادگەرایی ئەزموونە نوێیە وەرگیراوەکان (زيتون، ٢٠٠٧، الصفحات ٦٥-٦٦).

**ڕۆڵی قوتابی بەپێی تیۆری بونیادگەرایی:**

١. قوتابی چالاك بێت و مشتومڕ و بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکات، ڕاستییەکان و چەمکەکان و پێشبینییەکان بونیاد بنێت، واتە ڕۆڵی لە میانی بەدەستهێنانی چالاکییەکانی زانینەوە دەبێت.

٢.قوتابی کەسێکی کۆمەڵایەتی بێت و لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، نەك تاکە کەسییەکان زانین بهێنێتە کایەوە، هەروەها زانین لە مشتومڕو گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی ناو هەڵوێستە جیاوازەکانیش لە دایك دەبێت و بونیادگەرایی زانینی قوتابی پێکدەهێنن.

٣.قوتابی داهێنـەر بێت، واتە لە گەڕان و توێژینەوە و دۆزینەوەی ئەزموونەکاندا بەردەوام بێت و توانای ڕێکخستنی هەڵوێستەکانی هەبێت بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی شتە نوێیەکان (قطامي، ٢٠١٣، صفحة ٥٥٢).

توێژەر پێیوایە کە تیۆری بونیادگەرایی ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی لە دووبارە بونیادنانەوەی قوتابی هەیە، بە جۆرێك پشت بە کورت کردنەوە و پوختەکردنەوەی زانیارییەکانی پێشووتر دەبەستێت و زانیاری و زانینەکانی ئێستاشی فراوانتر دەکات کە بە بناغەی پرۆسەی فێرکردن و زیادکردنی زانیارییەکانی قوتابی دادەنرێن بە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجی چاوەڕوانکراو.

**فێربوونی چالاك :**

**یەکەم- چەمکەکەی:**

جیهانی ئەمڕۆ پڕە لەو ئاڵەنگاری و هەڕەشانەی لە هەموو کاروبارەکانی ژیان ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە ، لە ناویشیاندا پرۆسەی فێرکردن، بۆیە لەم ساڵانەی دوایی سەدەی بیستەمدا زاراوەی فێربوونی چالاك دەرکەوت و هاتەئاراوە، بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەرچاویش لەگەڵ دەستپێکی سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم، وەکو یەکێك لە ئاڕاستە پەروەردەیی و دەروونییە هاوچەرخەکان و خاوەن کاریگەرییەکی ئەرێنیی گەورە لەسەر پرۆسەی فێربوون لە ناو ژووری

پۆل و دەرەوەی لەلایەن قوتابخانەکان و زانکۆکانەوە زیاتر بایەخی پێدرا. (سيد و الجمل، ٢٠١٣، صفحة ٩٣)

فێربوونی چالاك جۆرێکە لە جۆرەکانی فێربوون و بە هۆی ئەو پێشکەوتنەوە سەریهەڵدا کە لە جیهاندا هاتەکایەوە و جەختی لەسەر شێوازەکانی فێربوون کردەوە، زیاتر لە جەختکردنەوەی لەسەر بەرهەم و دەستکەوتەکانی فێربوون ، لە بەر ڕۆشنایی ئەو فەلسەفەیەی کە دەڵێت؛ هەر ئامرازێکی سەرکەوتوو و جیاواز لە خودی خۆیدا، فێربوونێکی سەرکەوتووە، هەروەها فێربوونی چالاك وا لە قوتابی دەکات ببێتە تەوەری پرۆسەی فێرکردن و جەخت لە سەرجەم لایەنەکانی فێربوون و توخم و ڕەگەزەکانی بکاتەوە، هەر لە جەختکردنەوەی لە کارامەییەکانی گوێگرتن و گفتوگۆ و دەربڕین، تا دەگاتە تێرامان و داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا. (ابو الحاج و المصالحة، ٢٠١٨، صفحة ١٥)

توێژەر پێیوایە کە فێربوونی چالاك؛ بریتییە لە پرۆسەی فێربوونێکی کارلێکی، چونکە قوتابی چالاکانە بەشداری لە پرۆسەی فێربووندا دەکات و ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر لە دەستنیشان کردنی ئامانجەکانی فێربوون و ئامرازەکانی هێنانەدیی ئەو فێربوونە دەگێڕێت.

**هەنگاوەکانی ستراتیژیی درەختی کێشەکان:**

مامۆستا ستراتیژی و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی بۆ قوتابییان ڕاڤە دەکات:

١.مامۆستا ڕاڤەی ئەو وانەیە بۆ قوتابییانی دەکات کە پەیوەستە بە کێشە و پرسێکی دیاریکراوەوە.

٢.دوای ئەوەی لە ڕاڤەکردنی وانەکەی دەبێتەوە، ئینجا لاپەڕەی چالاکییان بەسەردا دابەش دەکات، کە ستراتیژییەکە لەخۆدەگرێت و قوتابییانیش کێشەکە دەنووسنەوە و پاشانیش هۆیەکانی کێشەکە و لە کۆتاییشدا دەرئەنجامەکانی.

٣.دوای کۆتاییهاتنی جێبەجێکردنی قوتابییان، ئینجا مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکانیدا مشتومڕ لەسەر هۆیەکانی کێشەکە و ئەنجامەکانی دەکەن (امبو، الحوسينية، و بنت علي، ٢٠١٦، الصفحات ١٥١-١٥٢).

**ئامرازەکانی ئامادەکردنی درەختی کێشەکان:**

چەندین ئامراز هەیە کە دەکرێ توێژەر بۆ ئامادەکردنی درەختی کێشەکان لە وتنەوەی وانەدا پەنایان بۆ ببات، کە بریتین لە:

١.کاغەزی مقەبا و لاپەڕەی سپیی تێکەڵاو.

٢.تیشکەکان لە ڕێگەی پەنابردنە بەر ناوەکان دادەنرێن بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی پەیوەندیگرتنی بیرۆکە پەرتوبڵاوەکان بە بەشە جیاوازەکانی شێوەیەك لە شێوەکان، تیشکەکانیش یەك سەریان هەبێت یان دووسەرە بن و ئاماژە بن بۆ ئاڕاستەکانی پێشەوە، یان دواوە.

٣.هێماو ئاماژەكان د ەكرێ بەم نیشانانەی خوارەوە پەنایان بۆ ببردرێت، وەكو نیشانەكانی سەرسوورِمان و نیشانەی پرسیار و سەرجەم ئامرازی ئاماژەكانی دیكە، شانبەشانی وشەكان بۆ روونكردنەوەی پەیوەندییەكان و ڕەهەندەكانی دیكەیان.

شێوە داهێنەرییەكان، دەستپێك لە ئەنجامی پەنابردنە بەر ڕەهەندە سیانییە شێوەییەكان، لەگەڵ ئەو بابەتەی كە ڕەنگی تێدا دادەنرێت، سوودەكەیشی لە بەكارهێنانی ڕەنگەكانە، لە سۆنگەی ئەوەی یادگە چالاك دەكات و یارمەتیی داهێنەرانەش پێشكەش دەكات، كە یارمەتیی دەستنیشان كردنی بۆشایی نێوان ڕووبەرە سەرەكییەكانی نەخشەسازییەك دەدەن (بوزان، ٢٠٠٩، صفحة ١٦)

**لایەنە باشەكانی درەختی كێشەكان:**

١.پێكهێنانی بیرۆكەی سەرەكیی بابەتەكە.

٢.بەستنەوە و گرێدانی بیرۆكە سەرەكییەكە بە بیرۆكە و بابەتەكان بە شێوەیەكی یەك لە دوای یەكتر.

٣.لەو كۆتاییە كراوانەی كە ڕێگە بە عەقڵ دەدەن، كار لە سەر پەیوەندیكردنی نوێی نێوان بیرۆكەكان دەكات (محمود، ٢٠٠٦، صفحة ٣٠٣).

**سوودەكانی بەكارهێنانی درەختی كێشەكان:**

١. وا دەكات توێژەر توانای سەرنجدانی خێرا و گشتگیری بۆسەر بابەتێكی گەورە، یان پرسێكی ئاڵۆز و هەمەلایەن هەبێت.

٢. بۆ چارەسەركردنی كێشەكان هانت دەدات، هەروەها دەرفەتی بینینی شێوازە نوێسازی و تازەكانت بۆ دەڕەخسێنێت.

٣. چێژی سەرنجدان و خوێندنەوە و تەواوكردن و یادكردنەوەت پێ دەبەخشێت. (بوزان، ٢٠٠٩، صفحة ٧)

**لە دیارترینی ئەو كارانەی دەكرێ لە پشت درەختی كێشەكانەوە بهێنرێنەدی، ئەمانەی خوارەوەن:**

١.**كورتكردنـەوە** : هەموو زانیارییەكان لە یەك لاپەڕەدا دەبن، لە جیاتی ئەوەی لە چەند لاپەڕەیەكی زۆردا بن.

٢.**ئاسانكاری:** بە ئاسانی دەبینیت كە بەكارهێنانی درەختی كێشەكان ئاسانە و دەكرێ ڕۆژانە ئەنجامیان بدەیت.

٣.**كاتبەسەربردن:** درەختی كێشەكان پشت بە شێوە و نیگار و ڕەنگەكان دەبەستێت، ئەم تێكەڵەیەش ماوەیەكی گونجاو و لەبارت پێ دەبەخشێت بۆ كاتبەسەربردن لەگەڵ خوێندنەكەت.

٤.**جەختكردنەوە:** درەختی کێشەکان وات لێ دەکات جەخت لەسەر هەموو شتێك بکەیتەوە لە کاتی خوێندنەوە و گوێگرتن لە وانەکان و لە کاتی گفتوگۆ و مشتومڕەکانی ناو پۆل و دەرەوەیشی (الرفاعي، ٢٠٠٩، صفحة ١٤٥).

توێژەر پێیوایە بەکارهێنانی ستراتیژیی درەختی کێشەکان، بەشداری لە باشترکردنی دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دەکات لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، ئەوەش بە یارمەتیدانی لە دەستنیشان کردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی کێشەکان لە میانی نواندنکارییان بە شێوەی درەختی، ئەمەش بەشداری لە تێگەیشتنی قووڵتری کێشەکە و پەرەسەندنی ڕێگەچارەی کارا دەکات.

**شەشەم – ئاڕاستەکان:**

ئاڕاستە ؛ حاڵەتێکی ئامادەکاری و خۆسازدانی تاکە بەرانبەر کارێکی دیاریکراو، ئەندێشە و کێشەیەکی پاڵنەرانەی سرووشتی و هەڵچوونە و تاك بەرانبەر شتێکی دیاریکراو بە دەستی دەهێنێت، یان بەهایەکی دیاریکراوە، لەوانەشە ئەرێنی بێت و دەربڕی پەسەندکردن یان نەرێنی بێت و واتای ڕەتکردنەوە بێت، بە کورتی پوختەی ئەو ئاڕاستە، یان هەڵوێست یاخود کۆمەڵە شت، یان هەڵوێستانەیە کە تاك باوەڕی پێیان هەیە. گرنگیی ئاڕاستەکانیش لەوەدایە کە نوێنەرایەتیی حاڵەتێکی ئامادەکاریی قوتابی دەکات کە وای لێ دەکات پەی بە شتەکان و بابەت و چالاکییەکانیش ببات، بۆ زانینیش ئاڕاستەکان خۆڕسك نین، بەڵکو لە میانی تێبینیکردن و ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەی کە تاك پێیاندا تێدەپەڕێت لە کاتی پرۆسەی گەشەسەندنی، هەروەها ئاڕاستەکان شایانی گۆڕانکارین لە میانی تێپەڕبوونی تاك بە ئەزموونی دیاریکراو و جۆراوجۆرەوە. (عطية م.، ٢٠١٣، صفحة ٦٩)

**خشتەی (١) خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

**یەکەم- ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتوێی ستراتیژی درەختی گرفتەکان و گۆڕدراوەکانی دیکەیان کردووە:**

| ناوی توێژەرو ساڵی لێکۆڵینەوەو شوێنی ئەنجامدانی | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | قۆناغ | قەبارەو ڕەگەزو نموونە | بابەت | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **الجنابي (٢٠١٩) العراق** | کارایی ستراتیژی درەختی کێشەکان لە دەستکەوتی بابەتی مێژووی | ئامادەیی | (٦٦) قوتابی کور | مێژووی هاوچەرخ | تاقیکردنەوەی تائی (t-test) و کای دووجا، هاوکۆلکەی ئاستەنگی برگەو | سەرکەوتنی قوتابییان کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی بابەتی مێژووی هاوچەرخیان بەپێی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاوچەرخ لای قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئەدەبی. | | | | هێزی جیاکردنەوەی برگەی کاراو جێگرەوە هەڵەکان،هاوکۆلەکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن، هاوکۆلکەی سپێرمان براون وهاوکێشەی کۆهین. | ستراتیژی درەختی کێشەکان خوێند ، بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەوانەی هەمان بابەتیان بە رێگەی ئاسایی خوێند لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی. |
| **الفيلي (٢٠٢٠) العراق** | کاریگەریی ستراتیژی عەبای شارەزا (خبیر)و درەختی کێشەکان لە دەستکەوتی بابەتی جوگرافیاو گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئەدەبی. | ئامادەیی | (٩٣) قوتابیی کور | جوگرافیا | تاقیکردنەوەی تائی (t-test) و شیکردنەوەی جیاوازیی یەکانەیی، هاوکۆلکەی ئاستەنگی برگە، هێزی جیاوازیی برگەی کارا، جێگرەوە هەڵەکانی هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن و کای دووجا، هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ و هاوکۆلکەی کیودر- ریتشاردسۆن. | سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی یەکەم، ئەوانەی بابەتی جوگرافیایان بە ستراتیژی عەبای شارەزا خوێند و سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی دووەم کە بابەتی جوگرافیایان بە ستراتیژی درەختی کێشەکان خوێند بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی هەمان بابەتیان بە رێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە خوێند. |
| **عبدالله (٢٠٢٢) العراق** | کاریگەریی ستراتیژی درەختی کێشەکان لە دەستکەوتی بابەتیی مافەکانی مرۆڤ لای قوتابییانی | قوتابییانی قۆناغی زانکۆ. | (٦٧) قوتابی کورو کچ | مافەکانی مرۆڤ | تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوکۆلکەی ئاستەنگی برگەو | سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی مافەکانی مرۆڤیان بە ستراتیژیی درەختی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان. | | | | بەهێزی جیاوازی بڕگەو کارایی جێگرەوەی هەڵەو هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ، هاوکێشەی سپێرمان –براون، هاوکێشەی کیودر– ریتشاردسۆن (٢٠) و هاوکێشەی کوپەر | کێشەکان خوێند بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەوانەی بە ڕێگەی ئاسایی خوێندوویانە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی. |
| | **حسن و هادي (٢٠٢٣) العراق** | کاریگەریی ستراتیژیی درەختی کێشەکان لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە لای قوتابییانی پۆلی دووەمی سەرەتایی | سەرەتایی | (٦٨) قوتابی کوڕ و کچ | خوێندنەوە | تاقیکردنەوەی (t-test)، هاوکۆلکەی ئاستەنگی بڕگە، هێزی جیاوازیی بڕگە، کارایی جێگرەوە هەڵەکان، هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ | سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی خوێندنەوەیان بە ستراتیژی درەختی کێشەکان خوێند بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێند لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی. |
| ٥ | الخفاجي (٢٠٢٣) العراق | کارایی ستراتیژیی درەختی کێشەکان لە دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە بابەتی زانستەکان و پاڵنەری زانین لایان. | سەرەتایی | (٦٨) قوتابی کچ | زانستەکان | تاقیکردنەوەی تائی (t-test) و هاوکۆلکەی ئاستەنگی بڕگە، هێزی جیاوازیی بڕگەو کارایی جێگرەوەی هەڵە و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ، | سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی زانستەکانیان بە ڕێگەی ستراتیژی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هاوکێشەی کیودر- ریتشاردسۆن (٢٣) و هاوکێشەی قەبارەی کاریگەری. | درەختی کێشەکان خوێند بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێند لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی و پێوەری پاڵنەری مەعریفی. |

**خشتەی (٢) ئەو لێکۆڵینەوانەی تاووتوێی ئاڕاستەیان بەرانبەر بابەتی زمانی کوردی و گۆڕدراوەکانی دیکە کردووە:**

| ناو و توێژەر و ساڵ و شوێنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە | ئامانجی لێکۆڵینەوە | قۆناغ | قەبارە و ڕەگەزی نموونە | بابەت | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عبید (٢٠٢١) العراق | کاریگەریی فێرکردنی ئاوێتەکراو و فێربوونی چالاك لە دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئەدەبی لە بابەت زمان و ئەدەبی کوردی و ئاڕاستەیان بەرانبەر بابەتەکە. | ئامادەیی | (٦٩) قوتابی کچ | خوێندنەوەو ئەدەبی کوردی | تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوکێشەی هێزی ئاستەنگی برگەو هاوکۆلکەی جیاوازیی برگەو کارایی جێگرەوەی هەڵە و هاوکۆلکەی | سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردییان بە ستراتیژی فێرکردنی ئاوێتەکراو و فێرکردنی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | پەیوەستگیری پێرسۆن. | چالاك خوێند بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و ئاڕاستە بەرانبەر بابەتەکە خوێندوویانە. |
| **مولی (٢٠٢٢) العراق** | کاریگەریی ستراتیژی پرسیاری ئاڵوگۆڕکراوی ئاڕاستەکراو بۆ بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای قوتابییانی پۆلی پێنجـەمی ئامادەیی و ئاڕأستەیان بەرەو بابەتەکە. | ئامادەیی | (٧٥) قوتابی کوڕ | خوێندنەوە ئەدەبی کوردی | تاقیکردنەوەی تائی (t-test)و هاکۆلکەی ئاستەنگی بڕگە، هێزی جیاوازیی بڕگەو کارایی جێگرەوەی هەڵە و هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ. | سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی خوێندنەوەو ئەدەبی کوردییان بە ستراتیژی پرسیاری ئاڵوگۆڕکراوی ئاڕاستەکراو خوێند بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێند لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنیانی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | چەمکە ڕێزمانییەکان و ئاڕاستە بەرەو بابەتەکە. |
| **العنزی (٢٠٢٤) العراق** | کاریگەریی ستراتیژی دارە ساردمەنییەکان لە دەستکەوت و ئاڕاستەی قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی. | ئامادەیی | (٦١) قوتابی کچ | ڕێزمانی کوردی | تاقیکردنەوەی تائی (t-test)، هاوکۆلکەی ئاستەنگیی بڕگە، هێزی جیاوازیی بڕگە، کارایی جێیگرەوەی هەڵە، کای دووجا، هاوکۆلکەی پەیوەستگیری پێرسۆن و هاوکێشەی کیودر- ریتشاردسۆن | سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە ستراتیژی داری ساردمەنییەکان خوێند بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و ئاڕاستە بەرانبەر بابەتەکە خوێند. |

**لایەنە سوودبەخشەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر لە ڕێگەی سەرنجدانی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر سوودی لە چەندین کاری جۆراوجۆر وەرگرت، کە دەکرێ ئەو سوودانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت و پوخت بکەینەوە:

١. دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە و دەستنیشان کردنی بایەخی توێژینەوەکە و نموونەکەی و ئامانجەکانی کە توێژەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا مەبەستیتی بیانهێنێتەدی.

٢. هەڵبژاردنی نەخشەسازییەکی گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێستای.

٣.ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی نێوان هەر دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو).
٤.ئامادەکردنی پلانەکانی وانەوتنەوە.
٥.دارشتنی ئامانجە رەفتارییە تایبەتەکانی توێژینەوەکە.

**رێبازی توێژینەوەکەو رێکارییەکانی**

ئەم بەشە ئەو رێکاریانە لەخۆدەگرێت کە لەم توێژینەوەیەی ئێستا لە رووی رێبازی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونی و دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و نموونەکەی و رێکارییەیکانی هاوسەنگیی نێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە هەندێك گۆردراو و کۆنترۆڵکردنی گۆردراوە نامۆکان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی توێژینەوەکە پشتیان پێ دەبەستێت، هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ ئەو هەنگاوانەی کە لە رووی بونیادنانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە و دیاریکردنی بابەتی زانستی و دارشتنی ئامانجە رەفتارییەکان و ئامادەکردنی پلانەکانی وانەوتنەوە و ئەو ئامرازە ئامارییانەی لە چارەسەرکردنی داتاکان پێیدا تێدەپەرێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە تاووتوێ دەکرێت:

**یەکەم:- رێبازی توێژینەوەکە :**

توێژەر پشتی بە رێبازی ئەزموونی بەستووە، ئەوەش لە سۆنگەی گونجانی لەگەڵ سرووشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی، لەبەرئەوەی زیاتریش لەگەڵ رێکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە و سرووشتەکەی دەگونجێت، چونکە توێژەر بە هۆیەوە دەتوانێت کاریگەریی گۆردراوی سەربەخۆی پشت بەست بزانێت. (العساف، ٢٠٠٦، صفحة ٣٠٣)

**دووەم- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و نموونەکەی:-**

**أ. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، تێکرای ئەو تاك، یان شت، یاخود توخم و رەگەزانەیە کە یەك تایبەتمەندییان هەیە و دەکرێ تێبینی بکرێن (علام، ٢٠١١، صفحة ١٦٠) کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابییانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (بەشی زانستی) لەو قوتابخانە ئامادەیی و ناوەندییە حکومییانەی بەیانیان سەر بە بەرێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگای بەغدا/ رەسافەی یەکن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥ ز)، توێژەر بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی رەسافەی یەکی هەڵبژارد کە ژمارەی قوتابخانەکانی (٨ ) قوتابخانەو ژمارەی قوتابییەکانی (١٦٤٠ ) قوتابی بوون، توێژەر بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی رەسافەی بە مەبەست هەڵبژاردو بۆ ئەمەش توێژەر سەردانی بەرێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی رەسافەی یەکی لە پارێزگای بەغدا (هۆبەی ئامار)ی کرد، ئەوەش بەپێی نووسراوێك کە لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ خوێندنی باڵاوە دەرچووبوو، پاشکۆی (١) بۆ ئەوەی ژمارەی قوتابخانەکان و ژمارەی قوتابییەکان بزانێت، لەوانەش بە مەبەست ناوچەی حوسێنییەی هەڵبژارد، کە ژمارەی ئەو

قوتابخانە ئامادەیی و ناوەندییانەی پۆلی پێنجەمی ئامادەییان تێدایە کە ژمارەیان (٨) قوتابخانە بوون و ژمارەی قوتابییەکانیشیان (١٦٤٠) قوتابی بوو.

**ب. نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونە بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە هەندێك دەرئەنجام دەربارەی کۆمەڵگەکە هەڵدەبژێردرێت (Abbott, 2011, p. 156)، هەروەها نموونە بەشە کۆمەڵەیەکە لە کۆمەڵگە ڕەسەنەکەی توێژینەوەکە، هەڵبژاردنیشیان پێویستیی بە وەسفێکی ورد و گشتگیری کۆمەڵگەکە و تایبەتمەندییەکانی و ڕەگەزەکانی و چۆنیەتیی دابەشکردنی هەیە. بە واتای دیاریکردنی هەموو گۆڕدراوەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەکرێ کاریگەریی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەبێت، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی جۆری نموونەکە و قەبارەکەی بەهەند وەربگیرێت، چونکە دەکرێ ئەنجامەکانی بەسەر کۆمەڵگەکەدا بگشتێندرێت (عطية، ٢٠٠٩، صفحة ٩٥)

توێژەر پێی باش بوو نموونەی توێژینەوەکە بۆ دووبەش دابەش بکات:

**أ. نموونەی قوتابخانەکان:**

دوای ناسین و زانینی ناوی قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغدا/ ڕەسافەی یەکەمی بەیانیان، توێژەر بە مەبەست ئامادەیی (المناهل)ی کچانی لە نێوان (٨) قوتابخانەدا هەڵبژارد، وەك ئەوەی لە خشتەی (٣)دا ڕوونکراوەتەوە بۆ پیادەو جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە، ئەوەش بە هۆی نزیکی قوتابخانەکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەرو هاوکاریکردنی کارگێڕیی قوتابخانەکە لەگەڵ توێژەرو ئاسانکاری نواندن بۆ ئەرکەکەی، ئامادەییەکەش لە چوار هۆبەی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی پێکهاتبوو، ئەمەش وایکرد توێژەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)(*) هەڵبژێرێت و قوتابییانیش تا ڕادەیەك لە یەك ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوون.

**خشتەی (٣ ) ناوی قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییەکانی کچانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕەسافەی یەکەم/ ناوچەی (حوسێنییە)**

| ز | ناوی قوتابخانە | ژمارەی هۆبەکانی پۆلی پێنجەم | ژمارەی قوتابییان | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئامادەیی (االمناهل)ی کچان | ٥ | ٢٣٠ | حوسێنییە |
| ٢ | ئامادەیی (حطين) ی کچان | ٦ | ٢٩٠ | حوسێنییە |
| ٣ | دواناوەندیی (خديجە الكبرى)ی کچان | ٤ | ١٧٠ | حوسێنییە |
| ٤ | ئامادەیی ( الفيحاء)ی کچان | ٤ | ٢٠٣ | حوسێنییە |
| ٥ | ئامادەیی ( عائشة)ی کچان | ٤ | ١٥٠ | حوسێنییە |

* هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە ڕێگەی ڕاکێشانی هەڕەمەکیی سادە هەڵبژێردران، توێژەر ناوی هۆبەکانی (أ، ب، ج، د) لەسەر کاغەزی بچووك نووسی و لە ناو کیسەیەکی بچووکی دانا، پاشان پارچە کاغەزێکی ڕاکێشاو ناوی هۆبەی (أ)ی لەسەر نووسرابوو، کردییە کۆمەڵەی ئەزموونی و پارچە کاغەزێکی دیکەی ڕاکێشا، هۆبەی (ج)ی لەسەر نووسرابوو، ئەوەیشی کردە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | ئامادەیی ( الخنساء )ی کچان | ٥ | ٢٣٥ | حوسێنیيە |
| ٧ | دواناوەندیی شەهید (عبدالله نجم السودانی)ی کچان | ٤ | ٢١٥ | حوسێنیيە |
| ٨ | ئامادەیی ( الرشد )ی کچان | ٣ | ١٤٧ | حوسێنیيە |

**ب. نموونەی قوتابییەکان:-**

دوای ئەوەی توێژەر ئەو قوتابخانانەی هەڵبژارد کە ئەزموونەکەیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بەپێی نووسراوی ئاسانکاریی ئەرك کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای بەغدا/ ڕەسافەی یەکەم دەرچووبوو پاشکۆی (٢) سەردانی قوتابخانەکانی کردو بینی چوار هۆبەی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی/ لقی (زانستی) (أ، ب، ج، د)یان لەخۆگرتووە.

توێژەر بە ڕێگەی ڕاکێشانی هەڕەمەکی(*)، هۆبەی (أ)ی هەڵبژارد بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ئەزموونی بکات و ژمارەی قوتابییانی (٤٧) قوتابی بوون و بە پێی ستراتیژییەتیی (درەختی کێشەکان) وانە بخوێنن و هۆبە (ج)یش بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو هەڵبژێردرا کە ژمارەی قوتابییەکانی (٤٨ ) قوتابی بوون و بەپێی (ڕێگەی ئاسایی) وانەیان تێدا بوترێتەوە ، بەمەش کۆی ژمارەی گشتیی نموونەی توێژینەوەکە گەیشتە (٩٥) قوتابی بەر لە دوورخستنەوە، دوای بەدەستهێنانی زانیارییەکان سەبارەت بە دۆخی خوێندنی قوتابییان لە تۆمارە فەرمییەکانی قوتابخانە، حاڵەتی دەرنەچوونی پێشتری لە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەدیکرد، (٢) حاڵەتی دەرنەچوون لە قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و (٣) حاڵەتی دەرنەچوون لە ناو قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، بەمەش ژمارەی گشتیی قوتابییان گەیشتە (٩٠) قوتابی دوای دوورخستنەوە، هۆی دوورخستنەوەی قوتابییە دەرنەچووەکان لەلایەن توێژەرەوە لە ڕووی ئامارییەوە، لە ترسی ئەوەبوو نەبادا کاریگەرییان بۆ سەر وردیی ئەنجامی توێژینەوەکە هەبێت، لە سۆنگەی ئەوەی قوتابییە دەرنەچووەکان ئەزموونی پێشووتریان هەیە، بەڵام توێژەر ئەو قوتابییە دەرنەچووانەی لە کاتی وانەوتنەوە لەناو پۆلدا هێشتەوە، لە سۆنگەی پاراستنی سیستەمی قوتابخانە، خشتەی (٤) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٤) ژمارە قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە پێش و دوای دوورخستنەوە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی قوتابییان پێش دوورخستنەوە | ژمارەی قوتابییە دەرنەچووەکان | ژمارەی قوتابییەکان دوای دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|
| **ئەزموونی** | أ | ٤٧ | ٢ | ٤٥ |
| **کۆنترۆڵکراو** | ج | ٤٨ | ٣ | ٤٥ |
| **کۆی گشتی** | | ٩٥ | ٥ | ٩٠ |

* هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو.

**چوارەم- هاوسەنگیی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە:**

توێژەر سووربوو لەسەر دڵنیابوون لە کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕدراوانەی کار دەکەنە سەر هەردوو گۆڕدراوی پشت بەست و کارنەکردنە سەری ئەم گۆڕانکارییانە بۆ سەر ڕاستگۆیی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. بۆیە توێژەر پرۆسەی هاوسەنگیی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی پێش دەستپێکردنی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە لەم گۆڕدراوانەی خوارەوە ئەنجامدا:

١.تەمەنی قوتابییان هەژمارکردنی بە مانگ.

٢.ئاستی خوێندنی باوکان.

٣.ئاستی خوێندنی دایکان.

٤.تاقیکردنەوەی زانیارییەکانی پێشوو.

نمرەکانی بابەتی زمانی کوردی ساڵی ڕابردوو (پۆلی چوارەمی ئامادەیی) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤).

٥.تاقیکردنەوەی زیرەکی.

٦.پێوەری ئاراستە بەرەو بابەت.

**١.تەمەنی قوتابییان، هەژمارکردنی بە مانگ:**

توێژەر تەمەنی قوتابییانی لە تۆماری قوتابخانە و بە یارمەتیی کارگێڕی قوتابخانە و خودی قوتابییان لە ڕێگەی فۆرمێکەوە وەرگرت کە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرابوو و بەسەر قوتابییاندا دابەش کرابوو، پاشکۆی (٤)، ناوەندی تەمەنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی (٢٠٢.٠٤) و لادانی پێوەری (٥.٢٦) و تەمەنی مامناوەندیی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٢٠٢.٨٢) و لادانی پێوەری (٤.٤٧) و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازیی ئاماری، دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) نییە، بەڵام بەهای تائیی هەژمارکراو گەیشتە (٠.٧٥٥) ، ئەمەش لە بەهای تائیی خشتەیی بچووکترە کە گەیشتە (٢.٠٠٠) و نمرەی ئازادی (٨٨) ئەم ئەنجامەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕووی ئاماریی تەمەنی قوتابییانەوە هاوسەنگ بوون، خشتەی (٥) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٥) ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری و بەهای تائیی (هەژمارکراو و خشتەیی) بۆ گۆڕدراوی تەمەنی قوتابییان هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵەکان | ژمارەی قوتابییان | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەهای تائی (T-TEST) | | ئاستی بەڵگەداری (0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٤٥ | ٢٠٢,٠٤ | ٥,٢٦ | ٠,٧٥٥ | ٠٢,٠٠ | لە ئاستی (٠,٠٥) بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٤٥ | ٢٠٢,٨٢ | ٤,٤٧ | | | |

**٢.ئاستی خوێندنی باوکان:**

زانیاریی تایبەت بە ئاستی خوێندنی باوکی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی فۆرمی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بوو کە توێژەر ئامادەی کردبوو، وەك ئەوەی لە پاشکۆی (٤)دا هەیە و پێشکەشی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی کردو لە دروستیی زانیارییەکانیش لە ڕێگەی تۆماری قوتابخانەوە دڵنیا بووەوە، کە لای کارگێڕی قوتابخانەدا هەیە، بۆ دەرخستنی جیاوازیی نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، توێژەر کای دووجای بەکارهێنا، ئەنجامی ئامارەکانی نێوان هەردوو کۆمەڵەکە لە ئاستی (٠.٠٥) و نمرەی ئازادی (٣) دەرخست و بەهای کای دووجای هەژمارکراو گەیشتە (٠.٨٢١)، ئەمەش لە بەهای کای دووجا خشتەی بچووکترە کە (٧.٨١)، ئەم ئەنجامەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕدراوی ئاستی خوێندنی باوکان هاوسەنگ بوون، خشتەی (٦) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی ( ٦ ) هاوسەنگیی ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، هەژمارکراو و خشتەیی بە بەکارهێنانی (کا٢)**

| دەستکەوت کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | بەکالۆریۆس | نمرەی ئازاد | بەهای کاي ($کا^2$) t- test هەژمارکراو | خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| التجريبية | ٤٥ | ١٢ | ١١ | ١٢ | ١٠ | ٣ | ٠,٨٢١ | ٧,٨١ | لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بەڵگەدار نییە |
| الضابطة | ٤٥ | ١١ | ١٣ | ٩ | ١٢ | | | | |

**٣.ئاستی خوێندنی دایکان:**

بۆ زانینی ئاستی خوێندنی دایکان، هەمان ڕێگەی گۆڕدراوی پێشوو گیرایەبەر، توێژەر زانیارییە تایبەتەکانی لەسەر ئاستی خوێندنی دایکان بە هەمان ڕێگەی پێشوو بەدەستهێنا، پاشکۆی (٤) بۆ هەژماری بەڵگەداریی جیاوازیی ئاماریی نێوان هەردوو کۆمەڵەکە سەبارەت بە ئاستی خوێندنی دایکان و بە بەکارهێنانی کای دووجا، ئەنجامەکان داتاکانیان دەرخست، ئەوەش بە نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٥) و نمرەی ئازادی (٣)، بە جۆرێك بەهای کای دووجای هەژمارکراو (٠.١٨١) کە لە بەهای کای دووجای خشتەیی بچووکترە ، گەیشتە (٧.٨١ ). ئەمەش ئاماژەیە بۆ هاوسەنگیی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە ڕووی ئاماری و گۆڕدراوی ئاستی خوێندنی دایکان، خشتەی (٧) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٧) هاوسەنگیی ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابییان بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (هەژمارکراو و خشتەیی بە بەکارهێنانی کای دووجا (کا)٢**

| دەستکەوت کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | بەکالۆریۆس | نمرەی ئازاد | بەهای کای | | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٤٥ | ١٣ | ١٠ | ١٢ | ١٠ | ٣ | ٠,١٨١ | ٧.٨١ | لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆل کراو | ٤٥ | ١٤ | ١١ | ١١ | ٩ | | | | |

## دەرەنجامەکان

١ . ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە بەکارهێنانی ستراتیژی درەختی کێشە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری کردووە لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی ئەکادیمی قوتابیانی کچی پۆلی پێنجەم لە ڕێزمانی کوردیدا بە بەراورد لەگەڵ شێوازی تەقلیدی.

٢ . ئەم ستراتیژە یارمەتیدەر بوو لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و شیکاری لەنێو خوێندکارانی کچدا لەڕێگەی وێرانکردنی کێشە زمانەوانییەکان و شیکردنەوەیان بۆ پێکهاتە بنەڕەتییەکانیان.

٣. خوێندکارانی کچ هەڵوێستی ئەرێنییان بەرامبەر ڕێزمانی کوردی لە کاتی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیجی درەختی کێشە نیشان دا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ باشتربوونی تێڕوانینی دەروونییان بەرامبەر بە بابەتەکە

## المصادر

١.أبو الحاج ، سهام احمد والمصالحة ، حسن خليل : استراتيجيات التعلم النشط أنشطة وتطبيقات عملية ، مركز ديبونو لتعليم التفكير(٢٠١٨) .

٢.بوزان، فؤاد سليمان: الاساسيات في تدريس العلوم،دار المطبوعات الجديدة ،الاسكندرية، مصر(٢٠٠٩أ).

٣.البياتي ،حسين عبيد جبر: طرائق تدريس التربية الفنية .دار المنهجية للنشر والتوزيع ، عمان، الاردن (٢٠١٦).

٤.التميمي ،ياسين علوان: معجم مصطلحات العلوم النفسية والتربوية والبدنية ،ط١ دار الرضوان للنشر والتوزيع ، عمان ،الاردن(٢٠١٨)

٥.الجنابي ، ليث هادي مرزوك سلمان :فاعلية استراتيجية شجرة المشكلات في تحصيل مادة التاريخ الحديث لدى طلاب الصف الخامس الادبي [رسالة ماجستير غير منشورة ] ،كلية التربية الاساسية ،جامعة بابل(٢٠١٩) .

٦.الخفاجي ،زينا ابراهيم : فاعلية استراتيجية شجرة المشكلات في تحصيل تلميذات الصف الخامس الابتدائي في مادة العلوم والدافع المعرفي لديهن [ رسالة ماجستير غير منشورة ] كلية التربية ،جامعة ديالى (٢٠٢٣).

٧.الرفاعي، أحمد محمد، : فاعلية استراتيجيات الخرائط الذهنية الجغرافية لتنمية قدرات التصور المكاني والتحصيل الدراسي لدى طلاب السنة التحضيرية، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية(٢٠٠٩).

٨.الرفاعي، أحمد محمد، : فاعلية استراتيجيات الخرائط الذهنية الجغرافية لتنمية قدرات التصور المكاني والتحصيل الدراسي لدى طلاب السنة التحضيرية، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية(٢٠٠٩).

٩.سعادة ،جودت احمد ،وعبدالله،محمد ابراهيم .( ٢٠١٨أ) .تنظيمات المنهج وتخطيطاتها وتطويرها ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن .

١٠. سليمان، سميحة محمد سعيد ، (٢٠١٥) ،التعلم النشط فلسفتهُ استراتيجياتهُ تطبيقياتهُ، ط، مكتبة جرير للنشر والتوزيع ،عمان، الاردن .

١١. الشرع ، عدوية عبدالجبار والشكري ، مثنى عبدالرسول ، والصحري ، مساعد رحيم ، (٢٠١٦) التفكير ومنهاج البحث العلمي ، الشركة العربية المتحدة للتسويق ، مصر ، القاهرة .

١٢. الشويلي ،فيصل (٢٠١٦) اساليب التدريس الابداعي ومهاراته ، ط، دار صفاء للنشر والتوزيع ، عمان ،الاردن.

١٣. عايش ، راتب قاسم ، (٢٠٠٧) اساليب تدريس اللغة العربية بين النظرية والتطبيق ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، الجامعة الاردنية ، عمان ، الاردن .

١٤. عبدالباري، ماهر شعبان ،فاعلية استراتيجية التصور الذهني في تنمية مهارات الفهم القرائي لتلاميذ المرحلة الاعدادية، بحث منشور بمجلة دراسات في المناهج وطرق التدريس ، الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس ، العدد ١٤٥، ٢٠٠٩م .

١٥. عبدالله ، ناز بدرخان (٢٠٢٢) اثر استراتيجية شجرة المشكلات في تحصيل مادة حقوق الانسان لدى طلبة كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية [بحث منشور في مجلة العلوم التربوية والنفسية ] العدد (١٤٨)

١٦. العبسي، محمد مصطفى (٢٠١٠): التقويم الواقعي في العملية التربوية ، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان ، الأردن .

١٧. عبيد ,كوثر جاسم (٢٠٢١) اثر التعليم المدمج والتعلم النشط في تحصيل طالبات الصف الخامس الادبي في مادة اللغة والادب الكردي واتجاهاتهن نحوها , مجلة ريس , المجلد ٨ , العدد ٤ , شهر ابريل , تركيا .

١٨. العساف ،صالح بن حمد ،(٢٠٠٦) ،المدخل الى البحث في العلوم السلوكية ،ط٤، شركة العبيكان للطباعة ،الرياض ،المملكة العربية السعودية ، رياض

١٩. عطية ،محسن علي (٢٠١٣ ) .المناهج الحديثة وطرق التدريس ،دار الميسرة للنشر والتوزيع ،عمان ،الاردن

٢٠. علي،عياد حسين (٢٠٠١) التحصيل الدراسي والتعلم وعلاقة الاسرة بها ،مجلة الفرات ،هيئة التعليم التقني ، العدد ( ٤ ) بغداد ، العراق

٢١. الفيلي ،رياض نوري محمد (٢٠٢٠) اثر استراتيجيتي عباءة الخبير وشجرة المشكلات في تحصيل مادة الجغرافية وتنمية التفكير الابداعي عند طلاب الصف الخامس الادبي [اطروحة دكتوراة غير منشورة ] كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية ، جامعة بغداد .

٢٢. الكبيسي، عبدالواحد حميد :أخلاقيات وأداب مهنة التدريس الجامعي ، مركز ديبونو لتعليم التفكير ، عمان ، الاردن (٢٠١٣)

٢٣. اللقاني ،احمد حسين ،والجمل ، علي احمد : معجم المصطلحات التربوية المعرفة في المناهج وطرق التدريس ،ط٣ ،القاهرة ، عالم الكتب للنشر والتوزيع .